

ئەو کچەی کەری کردم



ناوی کتێب

ئەو کچەی کەری کردم

بابەت:

بەسەرهاتی ڕاستەقیە

تایپ: هەڵگورد سەعدون

هەڵەچن:

بەختیار ڕەشید

چاپ: یەکەم - 2009

تیراژ: 1000 دانە



# * ئەو کچەی کەری کردم *

تازە سمێڵم گووگرە ببوو،تازە هەڵدەچووم ..هەرزەکارێکی چەتوون و بزێو هەر هێندە مەراقم لەشتێك بدابایە، هەر هێندە ڕکم لەشتێك بدابایە ئیدی وەکو قیڕو بنێشت پێیەوە دەنووسام..نەمام ئەو کچە ناسك و نازدارو بەژن زڕاڤە بوو لەژیانمدا بۆ یەکەمجار لەڕێی قوتابخانە بینیم ولە یەکەم تیلە نیگادا نەشتەر ئاسا دڵی پێکام ،چاو ئەبڵەق، بەجۆرێ کەری کردم تاوەکو بەبەردەمیشم تێپەڕی نەمتوانی چاوی لێداگرم ، ئەوە بوو ملم بە عاموودێکی کارەبا داداو لووتم پڕ خوێن بوو ، لێرەوە لێم بووە مەراق مادام بەوای ئەوەوە واملێهات، مادام خوێنڕژا،دەبێ تۆڵەی ئەو خوێنڕشتنەی لێبکەمەوە . تەنانەت تاوەکو ژمارە مۆبایلەکەیشم لەڕێی کچە پورێکمەوە چنگ کەوت، وەکوئەسپێ جیق و دیق و فیقم کرد.

لەسەرە سەعاتی یەکەمدا بەتەلەفۆن پێموت:(دەزانم تۆ جوانی ، بەڵام منیش جوانم).

وتی: (تففوو هەی خوێڕی، ڕاستە من جوانم بەڵام تۆ وەکو سەگی).مۆبایلەکەی لەسەر داخستم.

لەسەعاتی دووەمدا بەتەلەفۆن پێموت: (دەزانی جوانیەکەت شێتی کردم؟).
وتی: (شێتی شێتنی چاوت دەردەهات).مۆبایلەکەی لەسەرداخستم.
لەسەعاتی سێیەمدا پێموت: (دەکرێ دەقەیەك گوێم لێبگری ؟).
وتی: (هەی کەری کەرباوك،من حەزم لەدەنگی زەڕە زەڕی کەر نیە).مۆبایلەکەی لەسەر داخستم.
تەلەفۆنم بۆی کردەوە: (ئەرێ مەوعیدێکم نادەیتێ؟).
وتی: ( وەی بەسەرچاو دەزوو واتبوتبا، سبەی پێش سەعات هەشت وەرە تەك ئەو کەپرەی لەبەرامبەر قوتابخانەکەمان کراوە، لەوێ دەتبینم و چاوم پێت دەکەوێ، ئێستا دڵت داکەوت؟).
خەریك بوو لەخۆشیا باڵبگرم و بفڕم، وتم:( دەك خوا دەست بەباڵتەوە بگرێ و بەجیهاندا بفڕێنێ تا دنیا ببینی چەند جوانە، دەی با کاتت لێنەگرم خوات لەگەڵ).تەلەفۆنەکەی لەسەر داخستم.
شەوێ تا درەنگی وەخت لەنێو کتێبخانەی ژوورەکەما کەوتمە هاتووچۆ، ئەو دیوانەم دەردەکرد، دامدەناوەو لەنۆژەندا یەکێکی دیکەم دەردێنا..بە دەیەها کتێبم هێنایە گۆڕێ .
لەسەعاتی یەکەمی ئەو شەوەدا دیوانە شعرێکی (پەشێو)م هێناو چەند شیعرێکی تەڕو ناسکم لێی دەرکردو هەموویم ئەزبەرکرد.
لەسەعاتی دووەمی ئەو شەوەدا ئەو کتێبە تەرجەمەکراوەم هێنا کە باسی لە موسارەحەی بەینی کوڕو کچ دەکردو دوو بابەتم لێی دەرکردو هەموویم ئەزبەرکرد.

لەسەعاتی سێیەمی ئەو شەوەدا، خۆم تەرخانکرد بۆ پڕۆڤەکردن ئەوە سەعات هەشتی بەیانییەو لەتەك کەپرەکە بەرامبەر نەمام وەستاوم و شیعری بۆ دەخوێنمەوەو قسەکانی دیکەی بۆ دەکەم.
بەیانی زوو لە خەو هەڵسام،دوای بەرچایی، نیو سەعات بەدیار ئاوێنەوە خۆم هێناو بردو  خۆم ڕێکخست . بەپەلە پرووزیٚ خۆم گەیاندە کەپرەکەو کەوتمە چاوەڕوانی، کاتێك دوور بەدوور چاوم پێی کەوت وەکو سەگێك چۆن لەبرسێتی پارچە ئێسقانێك ببینیٚ و حەزبکا زوو بیگاتیٚ و تامەزرۆ بەلێستنەوەی بیٚ، ئاوا لیکاو لەدەممدا کەفی چنی..ئەو بەخێرایی بەرەو ڕووم هات، منیش بەخێرایی دڵم بۆی لێدا. بزەیەکم بەڕووی دادا، وەلیٚ کە گەیشتە تەکم، بەبیٚ سەلام و کەلام کە ناوچەوانی گووی لێدەباری، تاگرتی تۆپەڵە تفێکی لەدەمی خڕکردەوەو بەنێوچەوانی دادام: (هەی تەرەس بەس ئەوجارە تەلەفۆن بکەیەوە ئەوجا دەزانم چۆن حەیاو حەوسەتت دەبەم). زانیم تازە کار لەکار ترازا، بەهێواشی تۆپەڵە تفەکەیم لەدەموچاوم سڕییەوەو وەکو نەبام دیبیٚ نە بۆران ، خۆم شێلۆ نەکردو بەهەڵپەیەکەوە پێم وت:( کچیٚ تۆ نابیٚ کەمێك هۆشت هەبیٚ خۆزگە هێندێك جوانیش دەبووی تا بۆت بمرم ، بۆت شێتبم، وەك مزراح لەدەورتگەڕێم، بەڵام ئەوە بزانە هەرگیز ئەو تفەت لەسەر ناچیٚ و لەو تفەت خۆش نابم). ئەو دەتوت کارمامزە، بەڕۆیشتنە سەرنجڕاکێشەکەی بۆ سەرەوە هەڵکشاومنیش بەخەم و پەژارەوە ڕێوڕیٚ گەڕامەوە ماڵ.

# * وەی بتخۆم نەمام *



ئەو ڕۆژە گێچی خولق وخۆم فوول ببوو،دانەدەسکیم،ئۆقرەو حەوسەڵەو حەوانەوەم لێهەڵگیرابوو،ئەمە یەکەمجارە لەژیانمدا کچێك لێمهەڵگەڕێتەوەو بوێریێ تۆپەڵە تفێکم تێگریێ: دەچییە کویێ؟ چما وادەزانی ئاوا سووك و سانا لێت خۆش دەبم ؟ وازت لێدێنم؟ وەی قوڕت بەسەر، تازە جیقکەیت و فیقکەیت.. باڵبگری و بچییە حەوت تەبەقەی ئاسمان، لەدەستم قوتارت نابیێ و دەتگەمیێ؟.

بیرۆکەیەکم بەکەلکەلە داهات سەرەڕای موفلسیم کە یەك قرۆش چییە لەبەرکمدا نەبوو، چووم لەیەکیێ لەنەمامگەی هاوڕێیەکم بۆ چەند ڕۆژیێ دەپانزە نەمامم لێی خواست و ڕووم لە هاوڕێیەکی دیکەمنا کە توێتەیەکی نیسان دەبلی هەبوو، ئەویش توێتەکەی دامیێ کە بۆ چەند ڕۆژێك و هەر ڕۆژەی بۆ نیوسەعات ، سەعاتێك لامبیێ .

لەڕۆژی یەکەمدا بەخۆو دەپانزە نەمامەوە چوومە سەر ڕێی ، تاویێ دوان کڕوبێدەنگ دانیشتم تا دەرکەوت، بەمە کەوتمە جووڵەو چوومە دواوەی توێتەکەو نەمامێکم بەدەستەوە گرت ، ڕوومتێکرد و پڕ بەگەرووم هاوارم کردیێ:

(وای لەو نەمامە..ئاخ لەو نەمامە ،وای بۆت نەمام نەمام).ئەفسووس ئێستاو ئێستا نەمام سەری هەڵنەبڕی.

لەڕۆژی دووەمدا: ( وەی لەو نەمامە ..ئاخ لەو نەمامە..وای بۆت مرم نەمام).

نەمام تەنها لەدوورەوە سەیرێکی کردم، کە نزیك بۆوە سەری داخست.

لەڕۆژی سێیەمدا: ( وای نەمام، بەس پێمبڵێ بۆچی ئەوەندە جوانی نەمام؟).

نەمام تا گەیشتە ڕاستم سەری دانەگرت و دواتر سەری دانەواند..وەکو گای ئیسپانی شێتگیر بووم، هاوارەکەم توندتر کرد: ( وەی بتخۆم نەمام).

نەمام دەمەتر زیاتر چووبوە پێش ، ئاوڕێکی کتوپڕی دایەوەو بزەیەکی بۆ نامە سەر لێو..ئەو بزەیە بووە سەرەتایەك ، وردە وردە لەبەیانی باش و چاك و چۆنی گەیشتە ئەوەی لەگەڵم بوەستێ و پەیوەندیم لەگەڵ گرێدات.. مار بەقسەی خۆش لەکون دێتە دەرێ، پێش بەکۆتاهاتنی ئەزموونەکان ، پێموت: (کچێ خەو و خۆراکم لێهەڵگیراوە ، هیچ شتێ لەتەنیایی ناخۆشتر نییە، هااااا کە هاتمە داخوازیت، بتبینم و نەتناسمەوە).

پڕ بەگەرووی دایە قاقای پێکەنین: (باشە کە بمبینی و نەمناسییەوە ، ئێمە لەماڵەوە سێ خوشکین بەچی دەزانی لەو کچانەی ئەوێ کامەیان منم؟).

بە پێکەنینەوە پێموت: (چما لەم دونیایەدا لەنەمام جوانتر هەیە؟).

بەم قسەیە خەریکبوولەخۆبایی بێ و لەخۆشیا خەنیبێ ، کە وتی: ( توخوا من ئەوەندە جوانم؟).

بەهەڵپەیەکەوە پێموت: ( بۆ ئەوەی لەخۆبایی نەبی و کەیفت بەخۆتنێ ، من لەگەڵ تۆم نییە، لەگەڵ نەمامە).

# *کوڕم تۆ ژنی ژنەکەتی *



نەمام خوێندنی دوو ساڵی پەیمانگای تەواو کردو منیش لەلاوە ئاگری حەزو ئارەزوو هەڵیگرتم ڕێوشوێنی چوونە پێش خۆشبکەم و بنێرمە خوازبێنی، چونکە خوا قەڵەمی لێدابوو، هەموویان ڕازیبوون و کەس لاری نیشان نەدا.

لەڕۆژی یەکەمدا: بردمە بازاڕو زێڕوزەبەنم بۆی کڕی.

لەڕۆژی دووەمدا: بردمە بازاڕو جل و بەرگم بۆی کڕی.

لەڕۆژی سێیەمدا: بردمە بازاڕ ،بەنێو مۆبیلیاتم گڕداو تاقمێکی نووستنم بۆی کڕی.

ڕۆژی هەینیش گواستمەوە، لەشەوی یەکەمی بەیەکگەیشتنماندا، نەمام ئەوەندە گووکوڵێنە بوو، ئەوەندە کەوتە دارژەنین لەقەبرغەم و چەقۆی نیازەکانی لێ تیژکردمەوە تا ماڵی بۆ جیاکەمەوە، لەلایەك من بە پیاوخراپیەکە هەڵسم ، لەلایەکی دیکە ئەویش خانم و خاتوون واخۆی بنوێنێ لەگوێی گادا نووستووەو ئاگای لەهیچ نییە.. چونکە جوانییەکەی شێتوشبری کردبووم، بەجۆرێ لەهەر شتێك زیاتر تەنها جوانیەکەیم دەبینی، هەر ئەو جوانیەی

وایکردبوو لەپێناویدا ئامادەبم  سەرم بۆی بەقەنارەوە بکەم، لەپێناویدا هەموو شتێ بکەم.

سێ ڕۆژی یەکەمم بەشێوەیەکی ئاسایی بردەسەر..لەچوارەم ڕۆژدا وەکو بابایەکی تازییەبار خۆم دڵتەنگ و نیگەران نیشاندا ، بەقەستی مانم لەخواردن گرت، دەنە بەدزیەوە نانی خۆم هەر دەخوارد ..دایك و باوکم هاتنەلام، باوکم وتی: (کوڕم پێدەچێ نەخۆشبی؟ ئێ دەهەڵسە بابتبەمە نەخۆشخانە).

دایکم وتی: (کوڕی خۆم دڵی خۆت توند مەکە، ئەو خەم وخەفەتەی ناوێ، دەزانم نەخۆشنی، زۆر کەسی وەکو تۆ هەبووە بەهەفتە و بەمانگ نەبوونەتە زاواو دواتر خوا دەرووبەکی لێکردوونەتەوە، بوونەتە زاواو ئێستا بڕێك منداڵیان هەیە).

پێموت: ( دایەگیان کێشەی من زۆر لەوە گەورەترە کەتۆ باسی دەکەی).

باوکم وتی: (کوڕم ناکا لەپیاوەتی کەوتبی؟).

ڕوومتێکردن و وتم: (ئەو شتانەی ئێوە دەیڵێن ، لەوانە هیچ عەیب وعارم نییە، بەڵام حەزدەکەم دڵتان لێم نەیەشێ).

دایکم چەپەرۆکێکی بەسینگیدا کێشا:(ئەوجا مەبەستت؟).

وتم: (مەبەستم ئەوەیە تا هیچ گیروگرفتێك لەبەینمان ڕوونەدات، حەزدەکەم ماڵم جیاکەمەوە).

دایکم خەریکبوو هەڵچێ، باوکم ڕێی لێگرت:(ئافرەت خۆت تێکمەدە، خوابکەم ئەو بتوانێ خۆی بەخێوکا چیمان لێی دەوێ، وتیان کوێرە چیت دەوێ؟ وتی: هەزار دینارو  دوو چاوی ساغ).

پەلاماری دەستی باوکممدا ماچمکرد..ویستم دەستی دایکم ماچکەم، وەلێ دەستیکرد  بە  فینگەفینگ و مینگە مینگ و فرمێسك ڕشتن و لێنەگەڕا دەستی

ماچکەم ،بەتوورەییەوە:( هەی بیژی، دەزانم بوویتەتە ئاردی ناو درِك و مامۆستات هەیە، لێم نەیەیتە پێش ، دەی لێمدووركەوە).

كە وتم:( دایە ئەی من كورِی تۆ نیم؟).

وتی:(حاشا كورِی سەگبی، كورِی من نی).

كە وتم:(دەتوخوا دایە بەس بگری).

وتی:(لەپێش چاوم وەلبە برِۆ لای ژنە زەریفەكەت ، دەبوو هەر زووبمزانیایە تۆ پیاونی و ژنی ژنەكەتی).

بەم قسەیە تەواو دەهری بووم، وایەری مێشكم لێكیدا، بەلاّم لەئاست گەورەیی دایكدا، هیچم پێنەكرا ئەوەندە نەبێ هەڵسامە سەرپێ و بەبێدەنگی چوومەوە ژوورەكەی خۆم.

* * *

# * مافی پەنابەریم دەوێ *



بەخەم و پەژارەیەکی زۆرەوە خۆم فڕێدایە سەر دۆشەکەکەو پشتم بەدیوارەکە دادا، نەمام بەمەکرو نازو حیلەو حەواڵە لێمهاتە پێش و لەتەکم دانیشت..کەوتە دەستهێنان بەسەرم و دڵی کەنەفتی دامەوە:(ڕۆحەکەم بەڕۆژ لەپیاو دەقەومێ و بەشەویش لەژن، ئارامتبێ کار نییە خوا نەیکا بەبزن).

بەوشەی:بەساقە..دڵەکەم..هەناسە..لەدەورتگەڕێم، وەکو شیشلّدانی فوودراو فس بوومەوە، نەخەمم لەبیرما،نەخەفەت.

هەر ئەو ڕۆژە کەوتمە گەڕان و سووڕان بۆ ئەوەی خانوویەك بدۆزمەوەومالّمی ببەمە ناو، سێ خانووم دییەوە.

لەخانووی یەکەمدا خاوەنەکەی پێی وتم: (من لەگەڵ خۆمدا ژوورێکت بەکرێ دەدەمێ بەلاّم دەبێ گرێنتی ئەوەم بدەیتێ ژنەکەت منداڵی نەبێ ونەهێڵی منداڵی ببێ).

وتم: (ئەوە یەعنی چیە ؟ ئەگەر خوا منداڵ بدا، ئایا هیچ لەگەڵ کاری خوا دەکرێ؟).بێ خواحافیزی ئەوێم جێهێشت.

لەخانووی دووەمد،ا خاوەنەکەی پێی وتم: (من لەگەڵ خۆمدا ژوورێکت بەکرێ دەدەمێ بەڵام دەبێ گرێنتی ئەوەم بدەیتێ بێپرسی من بەیەکلادا نەڕۆی، شەوانەش ئەگەر چوونە هەرماڵێك تا دەی شەو ڕێتان پێدەدەم، ئەگەر سەعات بووە دەو یەك دەقە چاوەڕوان مەبن کە هاتنەوەو لەدەرگاتاندا،دەرگاتان لێبکەمەوە، ئەوجا ئەو شەوە دەچنە کوێ؟ ناچنە کوێ؟ ئەوە کێشەی خۆتانە ). بێ خواحافیزی ئەوێشم جێهێشت.

لەخانووی سێیەمدا، خاوەنەکەی پێی وتم: (من لەگەڵ خۆمدا ژوورێکت بەکرێ دەدەمێ بەڵام دەبێ گرێنتی ئەوەم بدەیتێ چونکە ئاومان لە شەوی یەکەم هیچ، لەشەوی دووەم هیچ، لەشەوی سێیەم دێ..دوو شەو عایدی ئێمەیە، دەبێ شەوی سێیەم سەعات سێ هەڵسی و ئاودانێی، ڕۆژانەش سێ ستڵی پڕاوپڕ لەئاوتان دەدەمێ، ئیدی چۆنی خەرجدەکەن ، دەیڕژێنن ، بەخۆتانی دادەکەن، هەمووی دەخۆنەوە، ئەوە کەیفی خۆتانە. بەڵام لەوە بترازێ ئەگەر لەتوێنا بخنکێن بڵێن یەك گلاس ئاو ،دڵۆپێ ئاو، لەئێستاوە نییە). بێ خواحافیزی ئەوێشم جێهێشت.

هەر لەتەنیشت ئەو ماڵەدا بێوەژنێك گوێی لەو گفتوگۆیەمان بوو، بانگی ژوورەوەی کردم و وتی: (بۆ نایەی من ژوورێکت دەدەمێ ، هەم بۆ تۆ باشەو هەم بۆ منیش دەبنە ئاوەدانی). ژوورێکی دوو بە سێی دامێ، ماڵم گواستەوە ناوی، لەبەر بچووکی ژوورەکە ئەگەر میوانێکمان بهاتایە جێنەبوو لێی بنوێ، وەلێ ئەوەی لەو ماڵەم بەدیکرد سێ منداڵی بێ حەشرونەشری هەبوو لەکونی دەرگاوە تەماشایان دەکردین بزانن چی دەکەین؟ چی دەخۆین؟دەرگاکەش چونکە بێژینگ ئاسا هەمووی کون کون بوو، نەتدەزانی کامە کونیان بگری، بۆیە شەوانە تا دڵنیا نەبووینایە خەوتوون، هیچمان نەدەکرد.من لە بێ ئیشی و

بێ پارەیی بیرم لەوە دەکردەوە ئەگەر دایك و باوکم وەرمبگرنەوە، ئەوەماڵم دەبەمەوە لایان.

سێ شەو و سێ ڕۆژ لەبن گوێی نەمامم خوێند تا ڕازیمکرد..چوومە ماڵی باوکم و کەوتمە دەست و پێ ماچکردنیان: ( قوربانتانبم لێمقەوماوە، هانام هێناوەتە بەرتان گەر وەرمبگرن و مافی پەنابەریم بدەنێ).

باوکم وتی: (من وەکو خۆم ئەوە وەرمگرتی، بۆ ڕای دایکیشت......).

دایکم وەکو فیشەکە شێتە تەقیەوە : (لەهەموو دونیا مافی پەنابەری یەکجارە،دەبێ بەپێی یاساو دەستووری ئەم ماڵە بجوولێیەوە، ئەوە مافی پەنابەریم پێدای و لە هەر سەرپێچیەکدا مافی پەنابەریت لێوەردەگرمەوە).

بەو بڕیارە زۆر دڵخۆش بووم، هەر ئەو ڕۆژە ماڵم تێکنا، ماڵم پێچایەوەو چوومەوە ماڵی باوکم.

* * *

# * دەست نوێژی مەڕێك *



دووربەو پووربە..دوای چەند مانگ دووركەوتنەوەم لەماڵی باوكم، ئەو شەوە من و نەمام و دایك و باوكم تا كەڵەشێر قووقاندی بەیەكەوە دانیشتین،دایكم لەبچمیڕا دیاربوو حەزی دەكرد ئەگەر بە پەلارپێكیشبێ، پەلاری خۆی لەنەمام بدا گوایە من ساویلكەو ئەویش ئاگری بن كایە، بێ هیچ پێشینەیەك چۆن دەڵێن بووكێ لەگەڵ تۆمە، خەسوو گوێت لێبێ، ئاوا ڕووی تێكردم و هەڵیدایێ: (كوڕم لەو قسانە گەڕێ با من قسەیەكی خۆشت بۆ بگێڕمەوە، دەڵێن لە گوندێكدا كابرایەك مەڕێكی دابەستەی ڕاگرتبوو، ویستی بۆ ئاغای ئەو گوندەی تەنیشتیان ببا، یەكێ لە خزمەكانی حەزی نەدەكرد ئەو مەڕە بۆ ئاغابێ و ئاغا بیخوا، بەهەڵپەیەكەوە پێی دەڵێ: (دەزانی ئەو مەڕە ئەگەر دەستنوێژی لێهەڵنەگری و تۆ بۆی ببەی، دواتر خەبەر بگاتەوە ئاغا، كوڕە لێت بەڕقدادەچێ و دڵنیابە ئەو مەڕە ناخوا).

كابرا چونكە ساویلكەو خۆشباوەڕ بوو، دەستی بۆی بەسینگ داداو وتی: (وەڵڵاهی قسەكەت تەواوە).

كات: چلەی زستان بوو، بەو سەرماوسۆڵە مەڕەی بەستەزمانی هێنا، چەند جارێ خستیە نێو حەوزی ئاوەوە تا حەیاتی حونكەی لێبڕا.

ئەو هەواڵە گەییە دەم ئاغا گوایە کابرایەك مەڕێکی بەدیاری بۆ ئامادەکردووە بۆی ببا، کەچی دەچێ دەستنوێژی لێهەڵدەگرێ.

جاری یەکەم مەڕەکە دەخاتە ئاوە ساردەکەو دەریدێنێ، مەڕە لەسەرمان دەپشمێ و دەترێ، دەستنوێژی دەشکێ .

جاری دووەم مەڕەکە دەخاتە ئاوە ساردەکەو دەریدێنێ،مەڕە لەسەرمان دەپشمێ و دەترێ، دەستنوێژی دەشکێ .

جاری سێیەم مەڕەکە دەخاتە ئاوە ساردەکەو دەریدێنێ،مەڕە لەسەرمان دەپشمێ و دەترێ، دەستنوێژی دەشکێ ، سەرەنجام ڕەق دەبێتەوەو مردار دەبێتەوە. ئاغا جواب بۆ خەڵکی ئەو گوندە دەنێرێ دەڵێ:لەمەودوا هەر کەسێك ویستی مەڕم بەدیاری بۆ بنێرێ، با دەستنوێژی لێهەڵنەگرێ، بۆ بەرەکەتی زیاتر خۆم دەستنوێژی لێهەڵدەگرم).

نەمامیەکسەر لەفیتی خۆی گەیشت ، بەو قسانە بەری دڵی گیرا،هۆپێکی لەخۆی زانی و بەهێواشی هەڵسایە سەرپێ ، چووەوە ژوورەکەی خۆی..منیش بەدوایدا ڕاست بوومەوەو چوومەلای، بینیم ناوچەوانی گرژو مۆن کردووە ، وتم: (ئافرەت ئەوە خێرە گووتگیراوە؟).

وتی: ( بڕۆ لەدایکە نازدارەکەت بپرسە بڵێ دایە ئۆینبازەکەم ئەو تالیق و تالیقکارییە چییە لەو کچە بەیەغبارەی دەدەی؟ پیاوەکە بەڕاستی وابڕوا لەو ماڵە ئیدارە ناکەم و ناچاردەبم بچمەوە ماڵی باوکم، لەوێش پاروە نانێك بەسەلکە پیازێك دەبێ بمیدەنێ ).

کەللە ڕەقیەکەی نەمام وایدەخواست لەئاستیدا بەئارامبم و بکەومە دڵدانەوەی، تا بێتەوە سەرخۆی، چۆن دەڵێن دەمە لەچیت کەمە، هەر بەدرۆ پێموت: (ئافرەت تەبیعەت دەرمانی نیە، خوی شیری، تاپیری.. تۆش جیقڵدانت

ئەوەندە بچووکە هەر قسەیەکت لەلادا بکرێ بەهەزارو یەك شێوەی لێکدەدەیەوە، دەی پێبکەنە، هەڵپەڕە، گۆرانی بچڕەو وابزانە دایکم گوویێکبوو خواردی و تەواو، ئێستا دڵت داکەوت؟).

بە وشەی گووخواردن کەیفی هاتێ ، قیچێ هۆشی هاتەوەبەر، بزەیەکی نایە سەر لێو و ماچێکی مزری کردم.

## * گەووادی قەبوڵ ناکەم *



بێئیشی وەکو هەژاری ڕەگێکی لەهارییە، من سەرەڕای تەمبەڵی و تەوەززەڵی، ڕووم لە نەمامنا خۆی دابمەزرێنێ، ئەویش لەخواییەکی دەویست قسەیەکی ئاوای بە گوێدا بچرپێنم، ڕازیبوو..هەڵسام بە مامەڵەکردنەکەی تا ناوی هاتەوەو بۆ دەستبەکاربوون لەگەڵیدا چوومە قوتابخانەکە، وەلێ بەڕێوەبەرێکی هیچ و پووچی ورگزلی مل ئەستووری لێبوو، سەلامم کرد، بێ ئەوەی لەبەرمان هەڵسێ ، تەنها لە جێوە سەرێکی بادا: (ئەهلەن).

بە وشەی ئەهلەن وامدەزانی ئیهانەیەکی گەورەی کردووم، لەناخەوە هەزارو یەك جنێوم پێدا:دەك داوەشێی ، وەکو کفتە هەڵوەشێی، عومرت نەمێنێ،

عومر کورتبی بۆ خۆت و بۆ مودیریت..فەرمانەکەی نەمامم بۆی ڕاگرت، بە پۆزێکەوە لەدەستی وەرگرتم و چاوێکی خێرای پێدا گێڕا.. لە سەرهەڵبڕینێکی کت و پڕیدا وتی:( برا ئەریّ تۆ چی نەمامی؟).

وتم: (خێزانمە، بۆۆۆ).

وتی: (باشە خۆ دونیا شامی شەریفە، ئەگەر بەتەنیا بهاتایە چیدەبوو ئایا گورگ دەیخوارد؟).

بەو قسانەی وامدەزانی ئەوە سەگەو دەوەڕیّ، دەحەپیّ، وەڵامیم نەدایەوە.

کە ڕووی کردە نەمام ،زیاتر کەوتە ڕشانەوە:( من بۆ دەوامکردنت سیّ خاڵی جەوهەریم هەیە، خاڵی یەکەم: دەوامێکی ڕێکوپێکم لێت دەویّ ، سەعات هەشت چارەگی بویّ دەبیّ لەنێو گۆڕەپانی قوتابخانە ئامادەبی و یەك دەقە لەو وادەیە دوابکەوی، من دەرگای حەوشەت لیّ دەگرم و غاییبت دەدەم، ئەوجا کێوە دەچی و ناچی ئەوە کەیفی خۆتە. خاڵی دووەم: کلاوات لای من نایخوا ، مەبەستم ئەوەیە بەناوی ئەوەی وەلاّ سەرم دێشیّ، زگم ژان دەکاو مۆڵەت بەهەموو جۆرەکانیەوە قەدەغەیە . خاڵی سێیەم: نە لەتۆو نە لەکەسیتر قەبوڵناکەم باس لە شتەکانی نێو ئەم قوتابخانەیە بکا ، بۆ ئەوەی سەرت ڕەحەتبیّ ، بۆ ئەوەی تووشی لێپێچینەوە نەیەیت، زمانی خۆت بگرەو قسەشیان لەگەڵ کردی ، وەڵامیان مەدەوە، وریابە مامۆستای سڕڕیم داناوە، هەر لەبەر ئەوە..........).

نەمهێشت قسەکەی تەواوکا، وەکو بەڕووی سەر ئاگر بەڕوویدا تەقیمەوە: ( ببوورە جەنابی بەڕێوەبەر قسەکەت پێدەبڕم ، بەهەرحاڵ منیش سیّ خاڵی جەوهەریم هەیە. خاڵی یەکەم:تۆ نەمن دەناسی و نە دەزانی کێم؟ کاتیّ سەلامم کرد بەسەری لموزت وەڵامت دایەوە ئەوەش بۆ تۆ عەیبەیەکی

گەورەیەو پێمباشە بەخۆتدا بچیەوە. خاڵی دووەم:بەردی گەورە نیشانەی نەهاویشتنە، من لێت دەپرسم ئاخۆ تۆ ئەو شتانەی  کە بەسەر ژنی منی دادەسەپێنی،خۆت ئەوها مەزبووتی؟ دڵنیام چونکە پۆخڵەواتت هێندە زۆرە، دەتەویَ دەستە چەورەکەت بەسەر سەری ژنی مندا بێنی. خاڵی سێیەم: یەکێك لە نیشانەکانی ترس و باوەڕبەخۆ نەبوون دانانی  جاسوسە  کە یەکێك بەسەر یەکێکی تر دادەنێی، بۆیە من لەبرسان بمرم، مووچەی ئەو ژنەم مانگی ملیۆنێك دیناربیَ، قەت ئامادە نیم لەلای مودیرێکی فاشل و جاسووس و ترسنۆکی وەکو تۆی دانێم).

مودیرەکە مشەوەش بوو، کێچی کەوتە کەوڵیَ و خۆی ڕاستکردە وە بیَ بەگژما، پێموت:(خۆت لەبەر ئاوێنە دیوە دەڵێی عەلەشیشی خۆت گیڤ کردۆتەوە، کەمیَ ڕێزی خۆت بگرە، ئەگەر ئێرە قوتابخانە نەدەبوو ئەوجا دەمزانی چیم لێدەکردی؟).بەتوندی فەرمانەکەم لەدەستی پچڕاندو بە تووڕەییەوە لەگەڵ نەمام چوومە لای بەڕێوەبەری گشتی و لە نووکەوە حارومەسەلەی خۆم و ئەو مودیرە فاشیلەم  بۆی گێڕایەوە، کەس نازانیَ خێرو شەڕ لەچیدایە، یەکسەر فەرمانەکەی هەڵوەشاندەوەو لە قوتابخانەیەکی نزیك ماڵمانی دانا.

*        *        *

# *ژنەکە ئەرێ سێ دینارم نادەیتێ؟*



نەمام لەوەرگرتنی مووچەی یەکەم ، مووچەی دووەم، مووچەی سێیەمیدا ژنێکی سەخیکار بوو، دەیوت:(پیاوەکە من ماڵم لەگەڵ بەشنەکردووی، ماڵم بۆ چییە؟ فەرموو ئەوە مووچەی ئەم مانگەم، ئیتر چی لێدەکەی ، چی لێناکەی ، کەیفی خۆتە).

منیش چونکە دەستم پێوەی نەسووتابوو، ئارەقەم پێوەی نەڕشتبوو، بەپای پیلان لەشتی پڕوپووچ و بێنرخم خەرج دەکرد، بەمە هەفتەیەك دەما بۆ سەری مانگ، دەهاتینە سەر ساجی عەلی و دەکەوتینە قەرزوقۆ..لەوەرگرتنی مووچەی چوارەمیدا کە سێ ڕۆژبوو وەریگرتبوو، وا خۆم نیشاندا ئاگام لەهیچ نییە،پرسیم:(ئەرێ ژنەکە مووچەی ئەم مانگەت وەرنەگرتووە؟).

وتی: ( بۆۆۆۆۆ؟).

بە وشەی(بۆ)ناخی هەژاندم، ڕاچڵەکیم و هەڵوێستەیەکم کرد، دووبارە پرسیمەوە:(مەبەستت لەم (بۆ)یە چییە؟).

بێپەرواو ڕەپ و ڕەوان زمانی گەڕاند:( مانگەشەو سەر لە ئێوارە دیارە، لێم توورە مەبە تۆ چونکە نازانی ماڵ ببەی بەڕێوە، دەستت بلاوەو نازانی دەست

بەپارەوە بگری، لەمەودوا بۆ پێداویستی و خەرجی ڕۆژانە ،چیم پێویستبیٚ، بەقەد ئەو شتەی کە بۆمە دەکڕی، خۆم پارەت دەدەمیٚ ).

لەو ڕۆژەوە ببوومە سواڵکەر ، دەبوو بۆ دیناریٚ خۆم دەخیلیکەم ، لەبەری بپاڕێمەوە، بەنەزاکەتەوە دەستی لەبەر پانبکەمەوە:( خوا خێرت بنووسیٚ ڕووت و ڕەجاڵم، دەرۆزەکەرم و هاتوومەتە بەر قاپیت، خێرێکم پێبکە خوا خێرت بنووسیٚ).

ئەویش وەك بەزەیی بەحاڵما بێتەوە، دەست بۆ جانتاکەی دەبا، ڕۆژ هەیە دیناریٚ، دوو دینار، سیٚ دینار ، چەندی لەدەست ببێتەوە دەمیداتیٚ..ئەگەر بموتبا:(ئەریٚ ئەو پارەیە کەم نییە؟).

دەیدایە قاقای پێکەنین و لەسەر پشت دەکەوت، دەیووت:(دەرۆزەکەر چەندی بدرێتیٚ، نابیٚ ناشوکربیٚ ).

هەموو بەیانییەك پێنج دیناری خشتی دەدامیٚ، دەیفەرموو:( بڕۆ بەو پارەیە کیلۆیەك تەماتە، کیلۆیەك باینجان، نیو کیلۆ بامیەم بۆ بکڕەو ئەوەی مایەوە بۆمی بێنەوە، خۆ ئەگەر پارەشت لەلا نییە، قەینا ئەوەی دەمێنێتەوە با بۆخۆتبیٚ).

پێمهەڵدێناو دەچوومە بازاڕ، دە پانزە دوکانم دەکرد، دەگەڕام، بمزانیایە لەکویٚ ئەو شتانە هەرزانن، تا بالآنسی پارەکەم زیادکا، لەویٚ دەمکڕی.. وەکو منداڵ بەقوڕبەسەری، مانگی یەکەمم بەڕێکرد، مانگی دووەمم بەڕێکرد، مانگی سێیەمم بەڕێکرد، زۆر جار دەموت: ئەریٚ ناکریٚ ڕۆژانەی هەموو ئەو مانگەم بەجاریٚ بدەیتیٚ؟.دەیوت:( مۆخت بخوێنمەوە، دەزانم چیت لەبن سەرە؟ چما دەتەویٚ بەدوو قسەی خۆش هەڵمخەڵەتێنی، بەلآم من هێندە ساویلکە نیم ئەو هەمووە پارەت بەجاریٚ بدەمیٚ و تۆش بچی بەجاریٚ هەمووی خەرجکەیت و

دووباره بێیه‌وه سه‌روگوێلاکم ، بکه‌ویته نووزه نووزو پاڕانه‌وه هه‌مدیسا خێرت پێبکه‌مه‌وه.دڵنیابه قه‌ت غه‌ڵه‌تی وا ناکه‌م و شتی وا له‌من ناوه‌شێته‌وه، تۆش ئه‌گه‌ر به‌و مامه‌ڵه‌یه ڕازی ، ئه‌هله‌ن وه‌سه‌هله‌ن، وه‌ئه‌گینا چیتر سه‌رم مه‌یه‌شێنه‌و چیتر داوای پاره‌م لێمه‌که‌و بڕۆ سه‌ری خۆت له‌دیوارده).

به‌ده‌ستیه‌وه گیرم خواردبوو.. شه‌و نه‌بوو بیر له‌و کوله‌مه‌رگییه نه‌که‌مه‌وه‌و سه‌د جار نه‌مرم و نه‌ژێمه‌وه..توخوا که‌ی ئه‌مه حاڵه؟ به‌س نه‌مرم ده‌بێ ئه‌و دڕکه‌ت له‌بنپێ ده‌رکه‌م.. خوایه گیان ده‌روویه‌کم لێبکه‌وه ئه‌و ده‌سته‌م موحتاجی ئه‌و ده‌سته‌یترم نه‌بێت.

## *حوکمڕانی ژنێکی ئازا*



به‌یانییه‌کیان به‌رچاییم کرد، خۆم گۆڕی بچمه ده‌ره‌وه، زه‌لیلانه به‌نه‌مامم وت:(ئه‌رێ بێزه‌حمه‌ت هه‌رچه‌نده له‌ڕووم نایه ته‌کلیفکه‌م، ئه‌رێ هه‌ندێ پاره نییه بمیده‌یتێ؟).وتی:(نا، پاره نییه، پاره‌ت بۆ له‌کوێ بێنم؟).

به‌ڕقه‌وه ژووره‌که‌م جێهێشت..پێڵاوه‌کانم له‌پێکردو پێمهه‌ڵێنا ، چه‌ند شه‌قاوێك چوومه پێش، پڕتاو هۆپێکم له‌خۆم زانی، ڕاوه‌ستام، ڕووم وه‌رگێڕاو ڕێوڕێ

گەڕامەوە لای،چۆن سەربازێك بەرامبەر ئەفسەرێك دەوەستێ، ئاوا بەبێ چرپەو جووڵە لە بەرامبەری وەستام.

تەماشایەکی قووڵی کردم و وتی: (ئەوە خێرە هاتیەوە؟).

تێهەڵچووم:(گەورەم بەندە سەبری ئەیووبی هەیە لەو هەست بریندارکردنەی ڕۆژ نییە هەستم بریندار نەکەی، ڕۆژ نییە دڵم نەشکێنی، بەهەقیقەت وا دەکەی ڕقم لێتبێتەوە).

وتی:( ئاخر دیارە هەر ئەوەندە هەڵدەگری، خواش کێو نەبینێ، بەفری تێناهاوێ).

بەو قسە ڕەقەی وامدەزانی قورقوراگەی ملمی گرتووە ها ئێستا، تاوێکیدی دەخنکێم، بەهەناسەبڕکێوە پێموت: (تازە مادامەکێ کار گەیشتە مریشکە ڕەشە ، بۆ مێژوو پێتدەڵێم ئەگەر ئێوەی ژن حوکمتان بەدەستبێ، هەموو دونیا دەپێچنەوە، دەیکەنە لەفەیەکی فەلافل و دەیخۆن).

وتی: (ئەوەش نیعمەتێکە خوا دەیدا).

بەبزەیەکەوە دەمم هەڵێنا: (دەگێڕنەوە لە شارێکدا ژنێك دەبێتە حاکم، یەکەم ئیش ئەو ژنە دەیکات، فەرمان دەدا هەرچی مەڕ هەیە نابێ خوریەکەی ببڕدرێتەوەو هەرچی بزنیش هەیە نابێ مووەکەی ببڕنەوە).فەرمانەکەی جێ بەجێ دەکرێت..هەموو مەڕەکان لەهاویندا بەهۆی گەرما مردار دەبنەوە..هەموو بزنەکانیش لە زستاندا بەهۆی سەرما ڕەق دەبنەوە، ئەوەیە حوکمتان، ئەوەیە حوکمی ژن..بژی ژن، بڕوخێ پیاو).

بەم قسەیە شڵەژا، نێوچەوانی بەیەکداداو بە مۆنیەکەوە وتی:( منیش گوێم لێبووە، دەگێڕنەوە وەستایەکی چایچی کە دەبینێ شاگردەکەی گلاسێ ئاوی لەدەست بەردەبێتەوەو دەشکێ، تووڕەدەبێ، بەشەق و پێلەقە وەردەگەڕێتە

سەری، مارکوژی دەکا:هەی خوێڕی، هەی هیچ و پووچ، هەی بیٚ حەشرونەشڕ، خوام لەو خوایە ئەوجارە ئەو شتە دووبارە بێتەوەو گلاٚسێکیترت لەدەست بەربێتەوەو بشکیٚ ، دەتشکێنم).

شاگردەکە لەتاو ئێش و ئازاری خۆی بە غاردان غاردەداو لە دوورەوە دەستی هەڕەشەی لە وەستاکەی بەرز دەکاتەوەو لەجیاتی چ جوێنی خراپ هەیە پێیبدات، پێی دەلٚیٚ:( خوا گیان چی دەکەی هەرچی پیالٚەو گلاٚسێکت لەنێو ئەم دوکانەدا هەیە، هەمووی بەجاریٚ بشکیٚ ).

ئەو بەسەرهاتەی نەمام هیچ پەیوەندیەکی بەو بابەتەوە نەبوو کە من بۆیم باسکرد، بەناچاری خۆم ختووکەداو بەدەم پێکەنینێکی دەستکردەوە وتم: ( خەریکە لەبەر پێکەنین دەبوورێمەوە، وەی ماشەلٚلاٚ بەڕاستی بەسەرهاتێکی قۆڕت گێڕاوە، وەرە بزانم ئەو بەسەرهاتە چ پەیوەندیەکی بەو بابەتەوە هەبوو کە من لەسەر ژن و حوکمی ژن بۆتم گێڕایەوە ؟).

ئەوجارەیان ئەو خۆی ختووکەداو بەدەم پێکەنینێکی دەستکردەوە وتی: (ئەمن دەلٚێم گێلی، باوەڕ ناکەی، قسە قسە ڕادەکێشیٚ).

*    *    *



# * بەدانیشتن ماڵم وێرانە *

مرۆڤ بەئیشەوە جوانە..ئەوەی کەرێکی نەبێ ، کەرێك ناهێنێ ،بەیانی هێشتا شەبەقی نەدابوو، چوومە مەیدانی کرێکاران و کەوتمە ریکلامکردن بۆ خۆم : (پیاو عەیبە مەدحی خۆیکا، من هێزێکی لەبن نەهاتووم هەیە، فس فس پاڵەوانم، کام ئیش قورس و گرانە، کام ئیش بەم و بەو ناکرێ بۆ منی لێگەڕێن من بەتاقی تەنیا دەیکەم و مەمنوونم هەر یەکێ بۆسەر ئیشێکم ببات، بۆ نرخەکەشی ئەوە کێشەیەك نییە من بە نیو ئەوەندەی خەڵکی بۆی دەچم).

کەسی یەکەم وتی:(وەڵا گەلێ ئیش بۆخۆمان هەیە، بەس تۆمان کەمە)

کەسی دووەم وتی:(هەر ئیشێکمان شکبرد، بەسەرچاو دەنێرینە دوات).

کەسی سێیەم وتی:(پشتت بەدەستی خۆت نەیخورێنی، خورشتی ناشکێ).کەونە ئاشێك هەبوو کەوتبووە دەرەوەی شار، وەکو دەنگودۆ بلاو ببۆوە گوایە حەزیایەك پەیدابووە لەماوەی سێ مانگدا پەلاماری سێ پیاوی داوەو هەر مانگەی یەکێکیانی کوشتووە ،ئەو ترسەش وایکردبوو کەس نەوێرێ بچێتە ئەو ئاشەو لێی بمێنێتەوە.. خاوەنەکەی چەندین بانگەوازی کردبوو ئەگەر کەسێ بۆ پاسەوانی لەخۆی ڕادەبینێ، پارەیەکی باشی دەداتێ..منیش

چونکە بێ ئەندازە لە بێ ئیشی و دەستپان کردنەوەی نەمام بێزار ببووم، خۆم گەیاندە لای ، پێموت:( قوربان  هاتووم ئەگەر قەبوولمکەی دەبمە پاسەوان لەئاشەکەت و خەمی هیچت نەبێ).

خاوەن ئاشەکە بەتەوسەوە تەماشایەکی بیچم و سەروسەکوتیدام، وەکو ئەقڵی نەمگرێ،بەبزەیەکەوە زمانی هێنایە گۆ:( سێ زەلامی کەتەی چوارشانەی بەوەج هیچیان پێنەکرا، تۆیەکی منالکارە ، تۆیەکی  زۆر بچووك ،  ئەگەر ئەو حەزیایە بۆتبێ و پەلامارتدا ، وەکو زەلاتە دەتخواو قووتت دەدا ، گەر بەقسەی مامی خۆت دەکەی، لەو ڕایەت پەشیمان بەوە،  سەری خۆت بەفەتارەت مەدە).

بەبڕواو متمانەو ورەیەکی زۆرەوە پێموت:(ئاخر دەبێ بزانین گندۆرە بەڕەنگ نییەو زێڕیش لەچاو خۆیدا زۆر بچووکە، کەچی زۆریش بەنرخە،تۆ هەقت بەسەر هیچەوە نەبێ، من هەموو بەرپرسیاریەتێك لەئەستۆ دەگرم).

ڕازیبوو، چوومەوە ماڵ، خۆم پێچاوە، خواردنی یەك هەفتەم لەگەڵ خۆم بردو بەدزی نەمامەوە چوومە ئاشەکە.

شەوی یەکەمم بەرێکرد هیچ لەئارادا نەبوو.

شەوی دووەمم بەڕێکرد هیچ لەئارادا نەبوو.

شەوی سێیەمم بەڕێکرد هیچ لەئارادا نەبوو.

لە شەوی چوارەمدا، چونکە زستان بوو، شەش حەوت کۆلکە دارم خستبووە سەر یەك ، ئاگرم تێبەرداو بە کزۆڵیەوە لە بەرامبەری ڕۆنیشتم، هەر هێندەم زانی ئەو حەزیایەی باسیان دەکرد لێم بەزوور کەوت، حەزیاکە ورچێکی ڕەشی زەبەلاح بوو ، بە هێواشی هات، ڕێك لە بەرامبەرم و بەرامبەر ئاگرەکە دانیشت، ترسام، لەناخەوە تەواو ڕوخابووم.. دەستێکی لەرزۆکم  گەیاندە لووتم و

خوراندم، ورچەکەش وەکو من دەستی گەیاندە لووتی و خوراندی، کەدەستم بەسەر سەرم داهینا، ئەویش دەستی بەسەر سەری داهێنا..یەکسەر بەسەر فێڵی کەوتم، گوێم خوراند، گوێی خوراند، بەو زستانە دەبە ئاوێکی سارد لەتەکمەوە بوو بەسەر خۆمم داکرد، ڕچیم، خەریکبوو ڕەق ببمەوە، ئەویش دەبەنەوتێك لە تەکیەوە بوو، بەسەر خۆی داکرد..من دەستم گەیاندە کۆلکە دارێکی گڕگرتوو و لە خۆمم نزیك کردەوە گوایە خۆم دەسووتێنم ، ئەویش کۆلکە دارێکی گڕ گرتووی لە خۆی نزیك کردەوە ، یەکسەر ئاگری تێبەر بوو، بەمە ورچەکە بە تۆپەڵێ ئاگرەوە بۆ دەرەوە دەرپەڕی، نەمزانی ما ، نەما، ئیدی چۆن ئەو ناوەی جێهێشت، جارێکی تر نەگەڕاوە .

* زۆر سوپاس مام عەلەشیش *



هەفتەیەکم لەنێو ئاشەکە بەڕێکردو بۆ پشووی هەینی گەڕامەوە ماڵ، نەمام بەبینینم فرمێسك لەچاوانیدا فوارەی بەست، بەڕاکردن بەرەو لام هات و باوەشی پێداکردم ، دەستی کردە فینگەفینگ و گریان:(پیاوەکە توخوا ئەوە ئیش بوو کردت؟توو سمێڵت هەرچەندە سمێڵت نییە وەرە بزانم چۆن دڵت هات بۆ کەم پارەیەك خۆت بکەیە گیسکی قوربانی؟ ژیانم بێ تۆ هیچ نییە، من چ لەپارەو پوول و سەروەت و سامانی ئەو دونیایەکەم ئەگەر هەمووی هی منبێ و

تۆش بدۆڕێنم، وەرەوە  ماڵی خۆت گلاَس بشکێنە، ئەو ناوە تێکنێ و ئاتاری بەسەر پاتاری مەهێڵە، شەو و ڕۆژ بەس بخۆو بخەوە ، مەچۆوە ئەو شوێنە،بەڵێنبێ ئەگەر لەبزێکی خراپم لەدەم دەرپەڕی بڵێ ژنەکە تۆ خاوەن بەڵێنی خۆتنی دەك ڕووت ڕەشبێ و ئەلهەقی ژنێکی خراپی ).

بەقەستی خۆم  لێی گرانکردو گرانم فرۆشت:(ئاخر من  ناتوانم واز لەو ئیشە خۆشە بێنم، بەو هەفتەیە خوو و خدەم پێوەی گرتووە، تا ئێرە چۆنم هێناوە، هەروا شانی دەدەمە بەرێ).

کەوتە پاڕانەوە:(ڕاستە من لەگەڵت ترو تووڕەو ڕەق بووم،  بەخودای لەمەودوا هیچم لێت ناوێ، وەعد هەموو سەرە مانگێك ئەو مووچەیەی وەریدەگرم ، کاش هەموویت دەجنگ دەنێم بەس مەڕۆوە ئەوێ،  دەستم دامێنت من خراپ بووم ، تۆ بەخراپەی من مەکەو ئەوجارەیان  گەردنم ئازادکە).

وتم:( نازانم چیت پێبڵێم؟ ئەگەر دەڵێم مار بەگەردنتەوەداو  حەوت پشتت مەرگبێ  دوعایەکی زۆر ناخۆشە، دەعات لێناکەم ، بەلاَم ئێوەی ژن تەبیعەتتان کشمیشیە، دەمدەمین، زەمانەت چیە ئەگەر پەشیمان ببیەوە؟)

بەبڕوا بەخۆبوونەوە وتی:( پیاو قسە دەکا، تێگەیشتی؟).

وتم:(دەباشە پیاوەکە ئەوە منیش ڕازیبووم).

ئەو ڕۆژە دانی ئێوارێ چوومە لای خاوەن  ئاشەکەو لەنووکەوە حارو مەسەلەی ورچەکەو فشاری ماڵەوەم بۆی باسکرد..کابرا بە بیستنی سووتانی ورچەکە کۆڵێ کەیفساز بوو، هەر دەستی نایە باخەڵی، بەتەواوی هەقی ئەو مانگەی دامێ و گەلێك مەمنوون بوو.

بەوێنەی ئاو ببمە بەفرو  جارێکیتر بگەڕێمەوە دۆخی جاران، دووبارە گەڕامەوە دۆخی جاران، هەموو ڕۆژێ لەماڵەوە تا بەرەبەری نیوەڕۆ پاڵدەکەوتم.. دابوومە

تەمبەڵی، وەکو دابەستە تەنها دەمخواردو دەخەوتم.. نەمام لەو ماوەدا باری دەروونی تێکچوو، بەقێزو بێزەوە شتی دەخواردو شتی دەخواردەوە تا لە چەند جار ڕشانەوەیدا پێموت کچێ هەی ، هەی ماڵوێران، هەش بەسەر تۆ ئاگات لەوە نییە چ قەوماوە، تۆ زگت هەیە زگ ... داوام لێی کرد لەمەودوا تا بەچکە شێرەکەی زگی دێتە دونیاوە، نابێ بەهیچ کلۆجێ خۆی ئەزیەتداو قەدەغەیە نابێ شتی قورس هەڵگرێ ، نەخاسمە نۆبەرە کە هێشتا نەهاتۆتە سەر دونیا ، لای دایەو بابە خۆشەویستە.

ڕۆژێکیان نەمام وتی:( پیاوەکە دەزانە گەلێکم حەز لەگۆشتی عەلی شیشە).

پێموت:(وەی بەسەر چاو ئەمڕۆ عەلی شیش لەبن باڵی هەوریشابێ، بۆتی پەیدادەکەم و بەدەستی خۆم بۆتی لێدەنێم).

سەری کاسم هەڵگرت، ئەو ئاواییەم سەراوبن کرد ، شوێن نەما ڕووی تێنەکەم، ئێستاو ئێستا عەلی شیشم دەست نەکەوت، ناچاری پاڵی پێوەنام بچمە گوندێکی ئەو نزیکەو تا گەیشتمە جێ، درەنگ داهات.. بەسەردا بانگی نیوەڕۆیدا، لە ماڵێك مامەوە پیرێژن و پیرەمێردیك بەیەکەوە دەژیان، پیرێژنەکە ناوی خەجە لچشۆڕ و پیرەمێردەکە عەلی باینجانی ناو بوو..خزمەتێکی باشیان کردم، پێش ئەوەی هەڵسم، بەزەلیلیەوە وتم:( ئەرێ مامەگیان خێزانەکەم زگی هەیەو دڵ دەگێڕێ، بیلامانا، حاشاحازری، ببێتە پەڕژینێکی قایم، دوو لەڕووی ئێوە دەڵێن تەبیعەت وەکو مێش وایە لەسەر شیرینی دەنیشێ و لەسەر گووش دەنیشێ، جا ئەو ژنە سەربەخەنەی منیش لەهەر شتێك زیاتر گڕ گڕ هاتووە داوای گۆشتی عەلی شیشی لێکردووم، کەس لەم گوندە شکنابەی عەلی شیشی هەبێ و بیفرۆشێ؟).

مام عەلی ڕووی کردە خەجەو بەدەنگێکی کرخنەوە بانگیڕادێرا: ( خەجە لچشۆڕ، دەی بزانە عەلی شیشیێ بۆ ئەو کوڕە قۆزە ناگری؟).

ئەویش بەدەنگێکی نزمی نووساوەوە وتی: ( بەسەرچاو عەلی باینجان).

ئەوەندەی نەبرد، خەجە بەخۆو عەلی شیشەوە هاتە ژووریێ و عەلی شیشی بۆ ڕاگرتم:(فەرموو).ئەو چەند قرۆشەی لە باخەڵمدابوو، گشتیم دەرکرد هەقەکەیان بدەمیێ، پیرەمێردەکە لێی ڕاخوڕیم:(دەی هەڵیگرە، عەیب ناکەی لەماڵی خۆمان بەردمان تێدەگری و جنێومان پێدەدەی؟). ئاخر نابیێ، ناکریێ، سوێندیێ لەوی ، سوێندیێ لەمن ، لەدڵەوە زۆریشم پێخۆش بوو ئەو پارەم لێوەرنەگریێ، پارەکەی لێوەرنەگرتم، پارەم دەتەنگی باخەڵمناو عەلی شیشەکەم خستە بن هەنگڵم ، ڕاستبوومەوە دوعاخوازییان لێبکەم ، ڕووم کردە مام عەلی ، لەجیاتی بڵێم مام عەلی زۆر سوپاس، لەخۆشیان لێمتێکچوو، وتم: ( مام عەلی شیش زۆر سوپاس).

مام عەلی تووڕەبوو، ڕوو بووە گۆچانەکەی و لێیڕاست کردمەوە، بە هەڵچوونەوە: (هەی بیژی، هەی سەگسار، تۆبە لەوە تۆبە، بەس بۆم بووەستە).

تف، ڕاکە..هەر پێیەکم کردە دووپیێ و تێمتەقاند، بەپارەبوایە دوانی دیکەم قەرد دەکرد ئێستاش نەمزانی چۆن ئەو ڕێیەم بڕی و چۆن گەیشتمەوە ماڵێ؟.

* * *



# * زۆرم حەز لەکێشکە یە *

نەمام زگەکەی کەوتبووە پێشی ، لەسەروحەدی  بوون بوو، کە هەڵدەستاو دەڕۆیشت، تەنها عارەبانەیەکی دەستی کەمبوو زگەکەی بکاتە ناو و بەملاو بەولای بگێڕێ و ئەزیەتی نەدات ، چونکە زۆر  ترسنۆك و بێورەبوو، لەتاو ئێش و ژانی خۆیدا ، هاواری دەگەییە حەوت تەبەقەی ئاسمان،  دەیوت:( تەواو من دەمرم.. دەمرم..ئا..ئا، دەمرم).

خۆم لێی تووڕەکرد: (ژنۆ، خوا نەکا  بمری، ئاخر تۆ بمری قوڕ بۆمن دەگیرێتەوە).

ئەو تووڕەتر شیڕاندی: ( ئەوجا تۆ چ گوێت لێیە، دەمرم ، دەتۆپم، دەشزانم حەز دەکەی بمرم تاوەکو ژنێکیتر بێنیەوە). کە کەمێ گێچی تووڕەییەکەی دابەزی: (پیاوەکە، بەساقە، ڕۆژێ حەوت جاران لەدەوری سەرت گەڕێم، توخوا ئەو چەند ڕۆژەی ماومە ئاگات لێمبێ و لێم دوور مەکەوە).

زگم پێیسوتا: ( ژنەکە چخەمت نەبێ تاوەکو فەرخە شێرەکەت دەبێ و دەنەڕێنێ، بەدەقە چییە لێت دوور ناکەومەوە).

هەر دوای ئەو قسانە  جارێکیتر کەوتەوە دڵگێڕان، شتی وای داوا دەکرد لەهیچ قاموسێکدا نەبێ، داوای گۆشتی چۆلەگە(کێشکە)ی لێکردم،بە

زەردەخەنەیەکەوە پێموت: ( وەی بەسەر هۆردوو چاوم، تۆو کێشکە، هەر ئێستا کێشکەت بۆ پەیدا دەکەم).

هەڵسام تایەی ماتۆڕەکەم لێکردەوەو چووپەکەی ناویم  کە بەهەموو سێ ڕۆژبوو بەنوێیی و بەکۆڵێ پارەم کڕیبوو، دەرمکردو بەچەقۆ وەرگەڕامە سەری و بڕیمەوە، دار دوولقێکم هێناو دارلاستیکم لێ دروست کرد.. چوومە دەرەوە، لەچەند کۆلانێکی بەرەوە  چوومە بن سێ دار(دار کالیپتۆز .. دار ئەسپیندار.. دار بی) ..لەبن دار کالیپتۆزی ماڵێکدا بەردم بۆ کێشکەیەك ڕاهێشت، نە کێشکەم کوشت و لە دەنگی کەوتنە خوارەوەی پەنجەری ئەو ماڵەدا یەکسەر زانیم ئەوە پەنجەرەیەکم شکاند..بە خێرایی چوومە ئەولاترو لەبن دارئەسپینداری ماڵی دووەمدا، خۆم لە کێشکەیەك مەڵاسداو کە بەردەکەم بۆی ڕاهێشت، کێشکە فڕی و لە بەرزبوونەوەی قاژوقیژەی منداڵێکی ئەو ماڵەدا یەکسەر زانیم ئەوە سەری منداڵێکم شکاند کاتێ پڕ بەگەرووی هاواری کرد: ( وەی دایەگیان  بەردم بەسەلکی کەوت، سەرم قوپاوە، خوێن خوێن، خوێنڕژا).. بەخێرایی چوومە ئەولاترو لەبن داربی ماڵی سێیەمدا خۆم لە کێشکەیەك مەڵاسداو کە بەردەکەم بۆی ڕاهێشت، کێشکەکە فڕی و لە گرموهۆڕی دەنگی کەوتنە خوارەوەی پەنجەرەی ئەو ماڵەدا یەکسەر زانیم ئەوە پەنجەرەیەکم شکاند، لە تالحی مندا، هەر سێ ماڵ لەیەك کات هاتنە دەرەوەو کە منیان بەدەستی دارلاستیکەوە بینی، کەوتنە دوام و منیان گرت، جا خوا دەست بەباڵیانەوە بگرێ و ڕوو سپی دنیاو قیامەتیانکا، بێئەوەی تفێکم لێبکەن، شەقێکم تێهەڵدەنن بەبێدەنگی ڕادەستی مەخفەریان کردم، سێ ڕۆژ بەدەست بەسەری پاڵمدایەوە تا ئەفسەری لێکۆڵینەوە هات و کاتێ حارومەسەلەی خۆم و نەمامم بەزەلیلی بۆی گێڕایەوە، گەلێ  زگی پێمسووتا،

خەریکبوو بداتە لووشەلووشی گریان و فرمێسکڕشتن ،هەر ئەو وەختە بەبێ کەفالەت ئازادی کردم.
گەڕامەوە ماڵ چ ببینم ؟ئەوە سێ ڕۆژە نەمام لە زگەکەی نەجاتی بووە و فەرخە شێرێکی جوانیشی بووە، بەشانازیەوە دەستم بەسمێڵم داهێنا:( زۆر سوپاس خوایەگیان وا دەبینم نەمام و فەرخە شێرەکەم ساغ و سەلامەتن).
نەمام ئاگری دەکردەوە، بەدیتنم ناوچەوانی گرژکرد و بەمەکرەوە: ( پیاوەکە ئەوە سێ ڕۆژە چویتەتە کوێ؟ پێمناڵێی چویتەتە کوێ؟ئەی بڕیار نەبوو بەدەقە لێم دوورنەکەویەوە؟ بەڕاستی ئەو قسەیە ڕاستە کە دەڵێن پیاوان چیان بۆبکەی بێسوودەو هەموو پیاوێك بێوەفایە، لەمەودوا هیچ ئومێدێکم پێت نیە ، پیاو ئەگەر لەتەنگانە بەهانای ژنیەوە نێ، نازانم لەشێنەیی چ سوودی هەیە؟ بڕۆ لێم نەیەیتە پێش، لێم دوورکەوە، لەکوێ بووی، بڕۆوە ئەوێ).
بۆ ساردکردنەوەی ڕادێتەی مێشکی نەمام ، ناچاربووم پاساوی بۆ بهێنمەوە ، لەسیرێ تا پیوازێ کەوتمە گێڕانەوەی بەسەرهاتی خۆم و کێشکەکەو دواشت وتم:( ببوورە داوای لێبوردنم هەیە).
چۆن دەڵێن فیتی حەرامزادە لەدوورەوە دیارە، هەستی بەشەرمەزارییەکی زۆر کرد، ئەویش بەکزۆڵیەوە وتی: (ببوورە منیش داوای لێبوردنم هەیە).

* * *



# *کوڕینه ئەز جیاوازم*

دوکانێم لەتەنیشت ماڵی خۆمانەوە بەکرێ گرت و پڕم لە تۆپە قوماش کرد، بەئەقڵی خۆم ئیشێکی باشم کردووەو لەو ئیشەدا قازانجێکی باش دەکەم.

مانگی یەکەمم بەڕێکرد، بێ ئەوەی یەك مەتر قوماش بفرۆشم.

مانگی دووەمم بەڕێکرد، بێ ئەوەی یەك مەتر قوماش بفرۆشم.

مانگی سێیەمم بەڕێکرد، بێ ئەوەی یەك مەتر قوماش بفرۆشم.

کەوتمە ڕیکلاّم کردن، قوماشێکی سێ مەتریم لای خۆش نووسێك بەڕاداندا، بۆی نووسیم:(مژدە..مژدە..تا هەموو کەسێك ببێتە خاوەنی قوماشی خۆی، بەبۆنەی جەژنی نەتەوایەتیەوە قوماشمان بەڕێژەی20٪دابەزاندوە، ئەو هەلە لەدەست مەدەو سەردانی قوماشی(ئای لەبەختم)بکەو ئەو هەلە تا کاتێکی دیاریکراوە).هەمدیسا کەس نەیوت ڕێی حەمام لەکوێیە؟.

کەوتمەوە ڕیکلاّم کردن، قوماشێکی سێ مەتریم لای خۆش نووسێك بەڕاداندا، بۆی نووسیم:(مژدە..مژدە..بەبۆنەی جەژنی نەتەوایەتیەوە تا هەموو کەسێك ببێتە خاوەنی قوماشی خۆی، قوماشمان بەڕێژەی50٪دابەزاندوە ،ئەو هەلە لەدەست خۆت مەدەو سەردانی قوماشی(ئای لەبەختم)بکەو ئەو هەلە تا کاتێکی دیاریکراوە). هەمدیسا کەس نەیوت کەرت بەچەندی؟.

بەیانیەکیان بە مات و مەلوولی،لەدوکانەکە دانیشتبووم, گەنجێك دوای سەلامکردن، بەسەری لموزیەوە: (ئەریّ برا ئەو قوماشانە مەتریان بە چەندە؟).
وتم:(برا ئەو قوماشانە بەئەقڵە).
وتی:(چۆن بەئەقڵە ؟ ئەی قوماش بەمەتر نییە؟).
وتم:(نەخێر برا، چونکە ئەگەر من بە ئەقڵ ئەو هەموو قوماشەم بکڕیایە، وەك دەیبینی هەمووی نەدەماوە ، دوو ڕیکلاّمم بۆی کردوە بە زەرەرێکی زۆریش بێت بەس لەکۆڵم بێتەوە کەس تا ئێستا یەك مەتری لا نەبردووم، تۆش یەکەم کەسی پرسیاری ئەو قوماشانەم لێدەکەی بۆیە دەڵێم بەئەقڵە).
ئەویش کە گوێی لەو قسانەم بوو،هەڵوێستەیەکی کردو ڕووی خۆی وەرچەرخاندو بیّ ئەوەی خواحافیزی بکات، دوکانەکەی جێهێشت.
پێش نیوەڕۆ چوومەوە ماڵ، نەمام وتی:(پیاوەکە ئەوە من سیّ ڕۆژە خۆم بێدەنگ کردووە بزانم هەست دەکەی، هەست ناکەی ؟ فەرموو ئەو فەرخە شێرەت بووە، کە کەس فەرخە شێری وای نەبووە، بزانە تا ئێستا بەخەیاڵتدا هاتووە بڵێی : دەی با خێرێکی بۆبکەم؟دەبزانە گۆلکێك لەعەردی نادەیت و گۆشتەکەی ناکەیە خێر، هەرنا بڕۆ هەندیّ پاقلاوە، یان چوکلێت و نوقڵ و شەربەت ببەخشەوە).وتم: ( بەسەرچاو هەر دوای نیوەڕۆ خێرێکی شازی بۆ دەکەم قەت کەس لەو دونیایە خێری لەو شێوەیەی نەکردبیّ).
چووم هەرچی تۆپە قوماشێکی نێو دوکانەکە هەبوو، هەموویم هێنایەوە ماڵ و هەر ماڵێك چەند کەس بوونایە ئەوەندە مەترەم دەپێواو پاشان دەمبڕی و دەمخستە نێو زەرفێك و لە کاغەزێکدا ناوی ئەو ماڵەم تێدا دەنووسی و دەمنایە

زەرفەکەوە، ئەوجا هەموویم لە سەر سینیەك داناو دەستمکرد بە دابەشکردنی ، لەدەرگای ئەو ماڵ و ئەو ماڵمدەدا و دیاریەکەم دەدانێ:( فەرموو).

کە دەیانپرسی:( ئەگەر بێئەدەبی نەبێت، ئەو قوماشدابەشکردنە بە چ بۆنەیەکە؟).

بەو قسەیە دەموت: ( بە بۆنەی ئەوەی خوای گەورە فەرخە شێرێکی پێ بەخشیوین).

کەیفیان دەهاتێ ، دەیانوت: (دەی خوا بەخێری بگێڕێ و فەرخە شێرەکەشتان بەدایك و باوك و نەنك و باپیر گەورەبێ).

دەنگوباسی فەرخە شێرەکەم بەهەموو لایەك بڵاو بۆوە گوایە ژنێك فەرخە شێرێکی بووە.. قسە بکەوێتە زارێك، دەکەوێتە شارێك، لە یەك کاتدا سێ تەلەفزیۆنی ناوخۆیی و تەلەفزیۆنێکی بیانی هاتنە ماڵم تا لەم ڕووەوە ڕیپۆرتاژێك ئامادە بکەن و دونیای پێبهەژێنن. زوومی کامێرایان لەسەر داچەقاندم وتێهەڵچوون: (ئایا ئەوە ڕاستە خێزانی تۆ فەرخە شێرێکی بووە؟ بەڕاستی لەدایکبوونی فەرخە شێرێك لەلایەن مرۆڤەوە موعجیزەیەکی گەورەیەو خوا بە مرۆڤی پیشان دەدا، جا..........).

نەمهێشت قسەکانیان تەواوکەن ، یەکسەر بەجواب هاتم: ( سەرەتا بەخێرهاتنی هەموو ئەو کەناڵانە دەکەم وەك بۆ هەواڵێکی لەو چەشنە لێرە کۆبوونەتەوە، بەڵام شتێك هەیە حەزدەکەم لە ڕێی ئێوەوە هەموو لایەکی لێ ئاگاداربکەمەوە کە خێزانی من وەکو هەر ژنێکیتر منداڵێکی ئاسایی بووە و منیش بۆ خۆشی و بۆ شانازیکردن پێیەوە، لێرەو لەوێ دەڵێم فەرخە شێرێکمان بووە، زۆر سوپاس).

هەمووان بەجارێ دەمیان بەش بۆوە، تاسان، چاو ئەبڵەق بوون ، وتیان:(ئەوە گوتمان فەرخە شێر نییە، قەینا، بەڵام بۆچی لەو خێرەی کردووتە، لەجیاتی ئەوەی گۆشت بکەیە خێر، چوکلێت و نوقڵ و شەربەت و شیرناتی ببەخشیەوە، کەچی قوماشت کردۆتە خێر؟).

بە زەردەخەنەیەکەوە پێموتن: ( دەزانن بۆچی من وامکرد؟).

بەجارێ: ( بۆچی؟).

وتم:( من جیاوازم).

*بۆ تەمبەڵی، وەزیفە باشترین شتە*



سەرەڕای ئەو زەرەرو زیانە زۆرەی لەقوماشەکانمکرد، دوکانەکەم بۆ خاوەنەکەی گەڕاندەوە، ئەوجارەیان کەلکەلەی ئەوەم بە مێشك داهات داواکاریەك بنووسم و پێشکەشیکەم بزانم قەد ئەوە خوایە لە شوێنێ دانامەزرێم.. عەریزەمدا، سێ مانگی ڕەبەق منیان هێناو برد، ڕۆژێك دەیانوت: مامەڵەکەت ئەوەی کەمە..ڕۆژێك دەیانوت: پاش هەفتەیەکی دیکە، دوان و سیان وەرەوە..ڕۆژێك دەیانوت:چاوەڕوانکە، کوڕە تەماشای تەلەفزیۆنکەو کە گوێت لە شتێ بوو ئەو وەختە وەرەوە.

نازانم تەمبەڵخانە لەوە زیاتر چییە؟ ئەو دایەرەی بۆی چووم تەنها لە ژوورێکدا هەشت فەرمانبەری لێبوو، یەکێکیان دەتوت لەجیهانێکی دیکە دەسوورێتەوە، هیتفۆنی بەبناگوێیەوە نابوو گوێی لە گۆرانی دەگرت.. لەولاوە یەکێکی دیکە نامیلکە شیعرییەکی دڵداری بەدەستەوە بوو دەیخوێندەوەو بەخەیاڵ چووبووە جیهانێکی تر، ئەوجا بەخەیاڵ لەگەڵ چ کچێك ڕاوەستابوو، قسەی دەکرد، دەستی بۆ دەبرو چی و چی؟ئەوەیان خۆی و خوای خۆی ،یەکێکیتریان قەڵەم و کاغەزێکی لەلابوو لەبەر بێئیشی سەرم دەێشی، بۆخۆی ڕەسمی دارودرەخت و مەیمونەکەی تەڕەزانی دەکردو کوڕوکچێکی هەرزەکاریش لەتەك یەك مێزدا لەتەنیشت یەك  دانیشتبوون، قاقا پێدەکەنین، بۆ پێناکەنن؟کرێکەیان بەلاشەو بازۆ دەشتە، بەدەم یەکەوە دەخنانەوە، ئیتر هەر خوا بۆخۆی بزانێ لە بنەوە چیاندەکرد..سەلامم کرد، کەس وەلآمی نەدامەوە، تەنانەت گەوادێکیش نەبوو بەسەر بادانێکیشەوەبێ پێمبڵێ: ئەهلەن.. عاجباتی ئاخر زەمان ئەوەیە کە ڕووت تێدەکردن و دەتوت: بێزەحمەت ئەو مامەڵەیەم هەیە، خۆیان لەخەتی گێلی دەدا، یا  دەیانوت :ببوورە ئەو مامەڵەی تۆ عایدی ئێمە  نییەو ئەو دەیوت: بچووە ژوورەکەی دی  ڕەنگە تەعلیمات لای ئەوانبێ ، بۆ ئیمزایەك، تەنها یەك ئیمزای حیز هەفتەیەکیان هێنام و برد، خەریکبوو لەو بەینە سەرم سپیبێ هێندەی ئەمسەرو ئەوسەرم پێبکەن، پارەیەکی زۆرم لەو ڕێیە خەرج کرد، تەواو وەڕەس و هەراسان ببووم، دواجار بەخۆو مامەڵەوە چوومە لای بەڕێوەبەرو بێپەروا پێموتم:( قوربان خوا هەڵناگرێ بەدەردی سەگم دەبەن).

بەڕێوەبەرەکە چاو ئەبلّەق بوو، خێسەیەکی لێکردم و وتی: ( ئەوە باسی چی دەکەی؟ کەمێ ڕێزی خۆت بگرە، ئێرە دایەرەیە، حەدیقەی حەیوانات نیە باسی سەگم بۆ دەکەی، سەگی چی؟).

وتم: (ئەگەر سەرت نەیەشێنم لەو مەملەکەتە وێرانبووەی لەمەڕ خۆماندا دوو گوند لەنزیکی یەك بوون ، کابرایەك سەگێکی هەبوو سەگەکە تەبیعەتێکی شازی هەبوو، لەهەر کوێیەك گوێی لە زرموهۆڕی دۆلّ و زوڕنا بوایە، بەرەو ئەو دەنگە دەڕۆیی..هەینییەك بە بۆنەی ژنهێنانەوە وا ڕێکدەکەوێ لە هەردوو گوند دەبێتە شایی ، سەگەی بەستەزمان سەرەتا کە گوێی لەدەنگودۆی دۆلّ و زوڕنای ئەو گوندەی تەنیشتیان دەبێ، بەغاردان بەرەو پیری دەنگەکەوە دەڕوا، کە نزیك دەبێتەوەو لە گوندەکەی خۆیان گوێی لەدەنگودۆی دۆلّ و زوڕنا دەبێ ، ڕێوڕێ دەگەڕێتەوە، کە نزیك دەبێتەوەو گوێی لەدەنگودۆی ئەو گوندەی نزیکیان دەبێ ، هەمدیسا دەگەڕێتەوە، لەو بەینە هەتا نیوەڕۆ دەچێتە ئەو سەرو دەگەڕێتەوە، دەچێتە ئەو سەرو دەگەڕێتەوە تا تەواو هیلاك دەبێ و ڕێك سندانی دەگاتێ و دەتۆپێ . جا قوربان منیش لەم دایەرەی ئێوە وەکو ئەو سەگەم لێهاتووە هێندەی ئەو ژوورو ئەو ژوورم پێبکەن و کەسیس وەلاّمم ناداتەوە).کە دەستم بۆ ڕیشم برد: ( توخوا ئەوە ئیشە؟ گوو بەو ڕیشە).

بەو قسانە ناخیم هەژاند، دەست و پێیت ببڕیایە، لەبەر پێکەنین ئاگای لەخۆی نەبوو، مامەڵەکەی لەدەست وەرگرتم و بۆ خۆی بە ئیشەکە هەڵسا، بەمە نیوکاژێڕی نەخایاند فەرمانەکەی دایەوە دەستم و وتی:(

فەرموو ئەوەش فەرمانەکەت، تازە ئەمڕۆ هیچ، بۆ بەیانی برۆ دەست بەکاربە).

لەو ڕۆژەوە دوعای  خێر بۆ ئەو بەڕێوەبەرە دەکەم.. ئێستاش دوای تەمەنێك من و نەمام ژیانێکی خۆش بەیەکەوە دەبەینە سەرو چونکە هەردووکمان نوێژ دەکەین و هەر ئەو نوێژە وایکردوە توورەییەکەی جارانمان نەمێنیٚ و فەرخە شێرەکەشم بووەتە شێرێکی تەواو، ئێوەش بمێنن بەخێر .

****************************************************************

## کتێبە چاپکراوەکانی نووسەر

1- هاروون وبالوور لەچیرۆکی کوردیدا.... چیرۆك.

2- مەتەڵ بۆ زاخاوی مێشك....فۆلكلۆر.

3- چاخی گۆڕانكارییە....شیعر.

4- بەختنامەی كوردی.

5- ورچ وشێرو مام ڕێوی....چیرۆكی منداڵان.

6- خۆشەویستی كچێك لە زانكۆ....كورتە رۆمان.

7- خۆشەویستی فریشتەیەكی زانكۆ....كورتە رۆمان.

8- كچێك شێتم دەكا....كورتە رۆمان.

9- زانكۆی مەرگ...شیعر، پەخشان، چیرۆك.

10- عەشقی نێوان مامۆستاو كچەقوتابی....كورتە رۆمان.

11- ئافاتی ژن بردن بۆ مەسئولەكان....رۆمان.

12- دوعای دایكێك بێ نەوا....سەرگوزشتە.

13- كچی خاقانی چین.... فۆلكلۆر .

14- بەسەرهاتی سێ پیاوی پیرو خۆسوتانی كچێك....شیعرو چیرۆك.

15- لەمەرگی كەژاڵ دەگەڕێم....كورتە رۆمان.

16- یادگاریەكانی كچێكی پەیمانگا....كورتە رۆمان.

17- نەبوونی....چیرۆك.

18- تەلاقنامە....چیرۆك.

19- مەملەكەتی ژن....نۆڤلێت.

20- 111 ملوانكە شیعر.

21- بەرەو قوتابخانە....چیرۆكی منداڵان.